
# ديوانی

# سەلام محەمەد،

## ئێستا لە کتێبخانەکاندایە لە بەرگ و چاپێکی قەشەنگدا

**حەمە کاکەڕەش**




عیسام بینی چڵێ ئاگری بۆ هێنام
هەواڵی زەوی لێپرسیم
وتم: زەوی؟
یا سێدارەو زیندان و ئەتۆم و دڵە نەگریسەکان
کاکە عیسا
دەستم بگرەو بمگەیەنە ((حوزووری خوا ))
من لەو زەوییە بێزارم
من نامەوێ جارێکی تر بۆ سەر زەوی بگەڕێمەوە
کۆپلەیەك لەشیعری (شاری نهێنی) لەکتێبی (دەمەو ئێواران ئەتبینم بەسوخمەیەکی زەردەوە)
ساڵی نووسینی ئەم شیعرە 1975.

ئەگەر بمانەوێت بگەڕێینەوە بۆ سالانی حەفتای شیعری کوردی بەهیچ شێوەیەك ناتوانین باز بەسەر ناوی سەلام محەمەد-دا بدەین، چونکە یەکێك بوو لەدەنگە دیارو یاخی و زولاڵەکانی شیعری کوردی ئەو سەردەمەو هەر زوو توانیوێتی بەبلاوکردنەوەی شیعرەکانی و بەشداریکردنی لەهەموو کۆڕە شیعرییەکانی کەرکوك و ناو بەناویش لەکۆڕە ئەدەبیەکانی بەغداو سلێمانیو هەولێر خوێنەرێکی زۆر لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە. وەك لەپێشەکی دیوانە چاپکراوەکەیدا ئاماژەی بۆ کراوە، تاساڵی 1988 نەیتوانیوە هیچ کۆمەڵە شیعرێك چاپ بکات، بەلام بەدەرچوونی کتێبی **(دەمەو ئێواران ئەتبینم بەسوخمەیەکی زەردەوە)** لەو ساڵەدا کە تەنها بریتی بوو لەبەشێکی کەمی شیعرە بلاوکراوەکانی تایبەتمەندی خۆی راگەیاندو لەیادەوەری خوێنەری شیعری کوردیدا مایەوە. هەر چەندە دوای گیرسانەوەی لەمەنفا لەساڵی 1991-دا بێدەنگی هەڵبژاردووەو هیچ بەرهەم و کتێبێکیم نەکەوتۆتە بەرچاو، بەلام لەم نزیکانەدا چەند شیعرێکی تازەی بلاوکردەوە. سالانێك سەلام محەمەد دەنگێکی درەوشاوەی شیعری کوردی بوو، چونکە نەك تەنها شاعیرێکی دیار بوو، بەڵکو لەبارەی شیعرەوە تێڕامان و خوێندنەوەی تایبەتی هەبوو. لەدوای راپەڕینەوە

هیچ دەزگایەكی راگەیاندن و رۆشنبیریی بیریان لەچاپكردنەوەی دەمەو ئێواران نەكردۆتەوە، هەرچەندە شەیدایانی شیعری سەلام محەمەد زۆر تاقیبی دەكەن. هەروەها بەهیچ جۆرێك لەلایەن هیچ دەزگایەكی رۆشنبیرییەوە بۆ هیچ چالاكی و كۆڕو فێستیڤاڵێك رووی لێ نەنراوە، لەكاتێكدا دەبینین خەڵكانێك كە هیچ هونەرێكیان پێ نییە داوەتی كوردستان دەكرێنەوەو چەندین بەرنامەی تیڤی و كۆڕوكۆبوونەوەیان بۆ سازدەكەن، كەچی سەلام محەمەدو دیوانەكەی تەواو لەبیركرابوو تا بەهەوڵ و كۆشی گۆڤاری هەنار توانرا لە بەرگێكی جواندا كۆی شیعرەكانی لەژێر ناوی ( دیوانی سەلام محەمەد ) دا بەچاپبگەیەنێت ئەم دیوانەی ئێستای بەشێكی زۆری شیعرەكانێتی كە پێشتر بەناوی ( دەمەوئێواران دەتبینم بەسوخمەیەكی زەردەوە) لەساڵی 1988 بڵاوكرابووەو بەڵام ئێستا كۆمەڵێك شیعری تازەو كۆنی لەم دیوانەدا هەن كە پێشتر لە كتێبی دەمەوئێواران دەتبینم بەسوخمەیەكی زەردەوە)نەبوون لەگەڵ یەک دوو نووسین و دیدارێكی تێروتەسەل كە لەگەڵ ئەودا دا سازكراوە و قسە لە ئەزموونی شیعریی و ژیانی خۆی دەكات .
لێرەدا دەڵێم: هەموومان دەزانین هەرچی دەزگای بەناو رۆشنبیری كوردییە لەلایەن دەستەو تاقمێكەوە داگیركراون و بەئارەزووی خۆیان بەكاریدەهێنن، بەلام ئەگەر كورد رەخنەیەكی بەرچاو روون و دروست و دەقناسی هەیە بۆ دەبێت هیچ قسەیەكی جیدی لەسەر شیعرەكانی سەلام محەمەد نەكات؟ بەداخەوە رەخنەی كوردی هێشتا لەهاوڕێیەتی و شارچێتی و حیزبچێتی و چێتییەكانی تر دوورنەكەوتۆتەوە، لەماوەی سیی ساڵدا ئەمە یەكەمین ئاوڕدانەوەیە لە سەلام محەمەد كە گۆڤاری هەنار توانیویێتی دیوانەكەی بۆ چاپبكات ، لێرەدا بەدڵ پیرۆزبایی لەكاك سەلام دەكەم هیوادارم بەردەوامبێت و جێگای خۆیەتی دەستخۆشی لە گۆڤاری هەناربكرێت كە بەحەق كارێكی گەلێک باشیان كردووەو بەچاپكردنی ئەم دیوانە سەلماندیان كە یەكێكن لەو گۆڤارو دەزگایانەی بە جوانی كاردەكەن و خەمی ئەوەیانە خزمەتی ئەو قەڵەمانە بكەن كە رۆژگارێک دەنگێك بوون و خزمەتی شیعرو وشەی كوردیان كردووە، خوێنەری بەرێز ئەمەی من لێرەدا نووسیومە هیچ نییە تەنها بۆئەوەیە ئەم دیوانە بخەمە ڕوو و مژدە بە خوێنەرانی ئەم شاعیرە بدەم كە ئێستا دیوانەكەی لە بازاردایە و ساڵانێكە هیچ ئاوڕێكی لێنەدراوەتەوە، نامەوێت لێرەدا هیچ قسەیەک یان خوێندنەوەیەک بۆ شیعرەكانی ئەم شاعیرە بكەم چونكە نە لەنووسینێكی ئاوا كورتدا ئەوەدەكرێت و نە من رەخنەگرم و نە شیعری سەلام محەمەد پێویستی بە ستایش هەیە، تەنها ئەوە دەڵێم ؛ هیوادارم چ خوێنەران و ج رەخنەگران دیوانەكە بە بێدەنگی نەسپێرن و دوای خوێندنەوە ، خوێندنەوەی جددی بۆ بكەن كە لە ئاستی شیعرەكاندابێت.

حەمە كاكەڕەش، سوید